کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 22:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەیئەی دووی کرکوک کرایەوە ... عادل محمد مهدی

زۆر لە شۆرشگیرو جەماوەری کوردستان لە هەیئەی کرکوك بەند کراوە لە کاتی رژیمدا، زیاتر کەسانی شورشگیر لەویدا بەرەو سیدارە دان ئەچون، لە سەردەمی بەعسدا مونەزەمەکان بۆیان نەبو خەلکی بەند بکون دەبوایە بۆ لای ئەمن و ئیستخبارات رەوانە بکرانایە، هیچ دەسەلاتیکی حزبی بۆی نەبو جەماوەر و ئەندامانی خۆیان لە مونەزەمەکان بەند بکەن، بە پیچەوانەی رەوشتەکانی بەعسەوە ئیستاکە بارەگای مەلبەند بۆتە هەیئەی کەرکوك تەنها لیدانەکەی ماوە، لیپرسراوی مەلبەند و جیگر و کارگیرەکان بە ئارەزوی خۆیان خەلکی بەند دەکەن و هەرەشە دەکەن و لە ناو ریزەکانی یەکیتی دەریان دەکەن ' هەر کەسەو بەشیوەیەك تاوان دەدەنە پالی هەموو تاوانەکان پیشتر ئامادە کراون، لەکاتی بەعسدا ئەگەر بە بی تاوان بەند بکرایتایە و ئازاد بۆیتایە داوای لیبوردنیان دەکرد بەلآم لیپرسراوی مەلبەند لەبەر ئەوەی هەر جارەو بەقسەی یەکیك خەلکی بەند دەکات روی نیە داوای لیبوردن بکات ' لە هاتنی ستافی نۆی تەکەتول بۆ ناو مەلبەند، کەوتنە راو نانی ستافی پیشو، بە تایبەتی جەماعەتی حەمە سور و رەمەزان و جلال جەوهەر ' تا ئیستاکە چەند کەسیکیان بە ناو دزو خاینەوە بەند کردووە پاشان هەندیکیان ئازاد کراون کە واستەیان هەبووە، لەم دووایەدا پینج کەس ناویان هاتەوە لە ناۆ مەلبەند گوایە زانیاریان بردووە بۆ حزبی بەرامبەر هەندیکیان ئازاد کران هەندیکیان واستەیان بەهیز بو بانگ نەکران دوو کەسیان واستەیان نیە تا ئەمرو بەند کراون رەوانەی سلیمانی کران، لەم رۆژانەدا کۆمپیوتەریك دزرا لە ناو مەلبەند ئەمەش درایە پال هەندی کەس گۆایە بۆ حزبی بەرامبەریان دزیوە زانیاری تیدایە ' یەکی لەوانە پیشمەرگەی کۆنە پاش چەند رۆژیك ئازاد کرا تەنها بۆ ئەوەندە بۆ ناویان بزرینن لە ناو خەلکدا ' وە جیگریکی کۆمیتە بەند کراوە بەو مەرجە لیپرسراوی مەلبەند ئازادی کردە لە ناو یەکیتی نەمینی لە کەرکوك، بە پیی هەوالەکان لە ناو مەلبەندەوە هەرەشە هەیە دەنگی وا هەیە هەندی کەس خراونەتە لیستی تاوانەوە ئەوانەش بەند بکرین. هەموو ئەوانە لەو تەکەتولەی خەتی گشتی حیسابن. وە لیپرسراوەی مەلبەند براکەی خۆی هیناوە کردویەتی بەلیپرسراوی نوسینگە گومانی لە جەماعەتی نوسینگە هەیە کە خاینن بە قسەی خۆیان. دوور نیە ببیتە مەلبەندی دووی عەلاوە مەحمود، (محەمەد ئەنوەر سالح))

Adl_mahdi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.